# لە فرۆکەخانەی ئەستەنبوول ،پۆلیسی توورک بەناوی ئاسایشی نیشتمانیەوە ، دەست بەسەر کتێبێکی منداڵاندا دەگرێت.

ئەردەڵان عەبدوڵڵا

لەو کاتەی لەکوردستاندا گۆرانی و کتێب و کۆمپانیای توورکی ، تەواو بازارو میدیای کوردیان داگیرکردووە، کەچی لەتوورکیا هەتاوەکوو ئەمرۆش نەک گۆرانی یان کتێب ، بگرە ووشەی کوردیش ،تۆمەتێکەو خەڵکی لەسەر دەگیرێت . پێش هەفتەیەک  لە فرۆکەخانەی ئەستەنبوول ، پۆلیسی توورکی، دەستی بەسەر کتێبێکی منداڵاندا گرت . بەناوی ئەوەی ئەم کتێبە ترسی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی و بیری نەتەوەیی دەوڵەتی توورکیاهەیە! . ئەم کتێبە ، کتێبێکی سوێدیە ، ناوی ( P.P. Läng Stromp ) کە نووسەری گەورەی سوێدی (ئەستریت لیندگرێن) نووسیویەتی . ئەم کتێبە بۆ چەندین زمانی جیهانی وەرگێراوە . جگە لەوەش لەحەفتاکاندا کراوەتە ( فیلمی کارتۆنی) ، کە هەتاوەکوو ئەمرۆش لە زۆربەی تەلەفزیۆنەکانی جیهاندا پەخشدەکرێت  . ئەم کتێبە ، پێش ماوەیەک ، لەلایەن ڕێکخراوی ( ئۆلف پالما) وەرگێراوە بۆ زمانی کوردی ( سۆرانی). ڕێکخراوی ( Komak ) سوێدی ، هەستا بە گواستنەوەی چەند هەزاردانەیەک لەم کتێبە بۆ کوردستان . لێ پۆلیسی توورک لە فرۆکەخانەی ئەستەنبوول ، کاتێک ووشەی کوردیان بینی بوو ، تووشی هیستریایەکی خراپ بوو بون . هەر یەکسەر ئەم کتێبە لەبەرچاویان بوو بە لەشکرێکی گەورەو ،بووبوەهەرەشەیەکی گەورەبۆ کۆمارە خوێناویەکەیان . وابۆ ماوەی هەفتەیەکە، کتێبەکەیان خستۆتە زیندانەوە. هەرچەندە ئەم کتێبە بۆ باشووری کوردستان نێراوە، کەچی ڕێگەیان نەدا بەتوورکیا تێپەرێت. هەندێک کەس ترسی ئەوەیان هەیە ، کە توورکیا ئەم کتێبە لەناو بەرێت ، چونکە بەپێی یاسای توورکی ، پاش سێ هەفتە ،پۆلیس  بۆی هەیە ئەم کتێبە لەناوبەرێت. ئەم هەڵوێستەی کۆمارە شۆڤێنیەکەی توورک ، بووە هۆی بەرزبوونەوەی چەند دەنگێکی بچووکی نارەزایی ، یەکێک لەو دەنگانەش ، ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا و ئەندامی پارتی گەلی سوێدی خاتوو( سیسیلیا مالم سترم) بوو. ئەم خانمە بەرێزە ووتی: ( گەر توورکیا مەبەستیەتی ببێتە ئەندامی ئەوروپای دیمۆکرات ، پێویستە ڕێز لەماڤی مرۆڤی کورد بگرێت ، وە منداڵانی کورد بتوانن بەزمانی خۆیان کتێب بخوێننەوە) . جگە لەم دەنگە مەزنەی ئاشتی و مرۆڤایەتی خاتوو سیسیلیا ، گوێمان لەهیچ دەنگێکی **ئەورووپیە دیمۆکراتەکان**! نەبوو. ماوەیەکی زۆرە ئیسرائیل بۆتە تەوەری سەرەکی لەئەورووپادا.هەموو باڵە سیاسی و رۆشنبیریەکانی ئەورووپا، رەخنەی توند ئاڕاستەی ئیسرائیل دەکەن . کەچی لەئاست ئەو هەموو بەربەریەت و وەحشیەتەی توورکیا ، نووتقیان لەخۆیان بریوە. هەرچەندە لەئیسرائیل عەرەبەکان بەزمانی خۆیان دەخوێنن، گۆڤارورۆژنامەو پارتی سیاسی عەرەبیان هەیە ، تەنانەت ئەندامیشیان لەپەرلەماندا هەیە . من دڵنیام گەر ئەم کارەی توورکیا ، چین یان رووسیا ئەمەی لەدژی ( تبتی یان شیشانی) بکردایە ، ئەوا دەبووە هەرایەکی گەورەو ، پێدەچوو سزای ئابووری وسیاسیشان بدانایە . بەڵام لەبەر ئەوەی ، ئەم کۆمارە شۆڤێنیە ، دۆستی خۆیانە ، تەواو پشتگیری لەهەموو کارە وەحشیەکانی دەکەن ، کەلەدژی گەلی کوردی دەیکات.  بەهەرحاڵ ئەوانە هەموو جیهانی کەپیتالیزم و بەرژەوەندین ، ئەوەی لەلای من جێگای سەرسوورمان بوو ، بێ دەنگی حکومەتی کوردستان بوو. باشە حکومەتێک نەتوانێت ،بەرگری لەکتێبێکی منداڵان بکات ، ئیتر چۆن دەتوانێت منداڵانی کورد لەم وەحشە گەورەیە بپارێزێت؟! . باشە وا حکومەت ناوێرێت ، ئەی ئەوە بۆچی تاکەئەندامێکی پەرلەمان ، نەیوێرا دژی ئەم کارە قسەبکات؟! . خۆ ئەو کتێبانە بۆ

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

منداڵانی سۆماڵ نەنێراون ، ئەو کتێبانە بۆ خزمەتی منداڵانی کورد نێراون ، ئەی بۆچی وابێ دەنگن؟! .

من داوای ئەوەناکەم ، کە ئەم فاشیستە وەحشیانە ببنە مامۆستای ئێمە و شۆڤێنیزمان فێربکەن،نەء بگرە من داوای ئەوە کەم ، با بەرگری لە منداڵان و کولتووری کوردی بکەین . با رێز لە رۆشنبیری و خوێندن و زمانی کوردی بگرین . بائیتر منداڵانی کورد فێری ووشەی کوردیان بکەین ، با چیتر منداڵانی کورد بەگۆرانی توورکی نەلاوێنینەوە .

*** تێبینی /**

**ئەم ووتارە لەرۆژنامەی ئاوێنەشدا بڵاوبۆتەوە، پێم باش بوو لەم سایتە بەرێزەشدا بڵاویبکەمەوە.**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com